KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
11-7-2007 17:46 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**مەرج نییە هەموو زیندانییەک تاوانباربێت! کورەشەهیدێک: "لەئاسایشی کەلار پێیان ووتم سەگباب" ئامادەکردنی- سامان کەریم:**

گەربتەوێ پێنوسەکەم بەندکەی دڵنیابە لەبەندیخانەت ناترسم، لەئازاری جەستە ناترسم چون دەمێکە ئازاری رۆحم دیوە، رۆژی 2006/8/7 ئەندامانی کۆمەڵەی بەمەدەنیکردنی گەرمیان لەهەڵمەتێکدا گیران و بۆماوەی حەڤدە رۆژ لەزینداندابوون، تەنها لەبەر بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەك گیرابوون کەیەکێکە لائازادییەکانی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەشدا تووشی ئازاری نەفسی قسەی ناشرینیش بونەتەوە. رەنگە بڵێن ئەم مەسەلەیە کۆن بووە بەڵام دەڵێم مەرج نییە هەموو شتێك کۆن بێت و ئەمەش یەکێکە لەو دیاردانەی کەجاویدو هەتا هەتاییەو هەرگیز لەزاران ناکەوێت.



سەرەتا بەرزان ئەمین حاجی کەیەکێکە لەو ئەندامانەی کۆمەڵەی بەمەدەنیکردنی گەرمیان کەبەر ئەم هەڵمەتەی گرتن کەوتووە بەمجۆرە رای خۆی لەسەر بارودۆخ و ژیانی نێو زیندانەکانی هەرێمی کوردستان دەردەبڕێت «من لەئەزمونی خۆم و هاورێیانی کۆمەڵەی بەمەدەنیکردن ئەو حەقیقەتەم بۆئاشکرابووە کەمەرج نییە هەرکەسێ زیندانی بکرێ تاوانبارە، گرتن و زیندانیکردنی ئێمە تەنها ئەوە نەبێ کەهەوڵیانداوە پاشەکشە بەئێمە بکەن و ئێمە بترسێنن بۆئەوەی لەرەوشی زیندانییەکانی کوردستان تێبگەیت پێشوەخت پێویستت بەوە هەیە هەل و مەرجی سیاسی ئەم کۆمەڵگایەو دەسەڵاتی سیاسی ئەحزابەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بناسیت، لەماوەی زیاتر لەشانزە ساڵ دەسەڵاتی ئەم ئەحزابانە بەسەر خەڵکی کوردستانەوە، ئەو حەقیقەتە سەلمێنراوە کەسروشتی دەسەڵاتی حیزبی میلیشیایی بووە، وە هەموو شتێك لەروانگەی بەرژەوەندییەکانی حیزبی دەسەڵاتەوە سەیرکراوە، بۆیە لەهەر جێگاو شوێنێك حیزبی میلیشیایی دەسەڵات بەدەست بێت قسەکردن لەسەر کۆمەڵێك مەسائیلی وەکو دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی و یاساو مافی هاوڵاتی بوون زۆر بێماناو پوچە، لەهەل و مەرجێکی بەمشێوەیە کەفەزایەکی ئاوەڵایە، هیچ حیزب و دام و دەزگایەکی دەسەڵاتدار خۆی بەبەرپرس نازانێ لەئاست ژیان و بژێوی جەماوەر، ئەم حاڵەتەش رەنگدانەوەو کاریگەری خراپی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵك و کۆمەڵگاوە هەیە، ئەم فۆرمە لەدەسەڵاتی حیزبی هەمیشە بۆدرێژەدان بەدەسەڵاتی گەندەڵ و مایەپوچی پێویستی بەئامرازەکانی سەرکوتکردن و ترساندنی جەماوەر هەیە بۆئەم مەبەستەش پێویستی بەدام و دەزگای سەرکوتکەرو زیندان زیاترە، بەدرێژایی تەمەنی دەسلاتی ئەم حیزبانە شاهیدی ئەوەین کەسەدان جار پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤیان کردووە، وەسەدان جار کێشەیان بۆماف و ئازادییە فەردی و مەدەنییەکان دروستکردووە، لەم پێناوەشدا سەدان کەسیان زیندان کردووە، ئەگەر بمانەوێ بەرەوشی زیندانەکانی کوردستان ئاشنابین ئەوا دەتوانین بەدەیان بەڵگەی زیندوو ئەوە بسەلمێنین، کەرەوشی زۆربەی زیندانەکانی کوردستان زۆر خراپن و چۆن لەدەرەوەی زیندانەکان ئینسانەکانی ئەم کۆمەڵگایە گیرۆدەی ئەوەن مافە زۆر سەرەتاییەکانیان بۆفەراهەم بێت، ئیتر ئەبێ هەل و مەرجی نێو زیندانەکانی چۆن بێت، ئەمە سەرەرای ئەوەی کەجیاوازییەکی رێژەیی لەنێوان زیندانێك و زیندانێکیتردا هەیە، بەڵام بەگشتی ریعایەتی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سەرەتاییترین مافەکانی کەسی زیندانیکراو نەکراوە، هۆڵ و بینایەکانی زیندان زۆر بێکەڵکن و خزمەت گوزارییەکانی زۆر کەمن و زۆرجار هەرنین، ئەمە سەرەڕای قەرەباڵغی زیندانەکان و خراپی ئەو خواردەمەنیانەی کەبەزیندانی کراوەکان دەدرێت، بەکورتی هەرکاتێك زانیمان حەقیقەت و سروشتی حیزبی دەسەڵاتدار چۆنە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش دەتوانین بزانین حەقیقەتی نێو زیندانەکانی ژێر ئەم دەسەڵاتە حیزبییە چۆنە... عامر یلاح کەگەنجێکیتری نۆزدە ساڵانەو ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی بەمەدەنیکردنی گەرمیانەو لەچالاکییە مەدەنییەکانی کۆمەڵەکەدا بەشداری کردووە دەڵێت: "هەتا تاریك دانەدا حەز لەجوانی رۆژ ناکەی هەتا مێژوو نەخوێنی حەز لەپاڵەوان بوون ناکەیت هەتا زیندان نەبینیت حەز لەئازادی ناکەیت، بۆزانینی وەڵامی پرسیارەکەی خۆت پێت دەڵێم تۆلەزیندانیدا دەژیت لەناو ئەو زیندانەدا زیندانێکیتر هەبێت ئەبێ چۆن بێت؟ لەڕووی خراپی جێگەو خواردن و خەوتن و مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانیانی ناو زیندانی زیندانەکان ئێمە لەدیدی تاوانبارانەوە تاوانبارین لەبێتاوانیماندا بۆیە دەڵێم پێویست دەکات ئێمە هەوڵ بدەین بۆدەربازبوون لەم زیندانە گەورە کەتێیدا دەژین ئەوجا رزگارمان دەبێت لەزیندانە بچوکەکان کەسانێك هەبوون دەیانووت: "بەندیخانە، شەرتە رۆژێك بێ بتکەین بەگوڵ و ڕێحانە" بەڵام ئەفسوس ئەبینین ئێستە بووەتە جێگەی ئەو لاوانە کەتینووی ئازادین ئالەم زیندانە کەناوی ژیانە، وەتەمەنا دەکەم مەرگ ببێتە میوانم بەر لەوازهێنانم لەسەر بیروباوەڕم، گەربتەوێ خۆری ئومێد لەپێشچاوم ئاوابکەیت دڵنیابە کەمن چاو لەخۆرێکم قەت ئاوا نابێت، لەکۆتاییدا دەڵێم بەتەواوی پێنوس دۆستان باوێژدانتان ئاگای لەپێنوسەکانتان بێت چون رۆشنبیری بەویژدانەوە بەندەو باعەقڵانی بیربکەینەوە بەرلەوەی عاتیفە کارمان لێبکات.

"زیندان کاریگەرییەکی باشی هەبوو بۆئێمە چونکە توانیمان کەسانێك لەودیوی پەنجەرەی گرتوخانەکانەوە ببینین کەلەگوزەرانێکی زۆر ئالۆزو خراپدا ئەژین، سەرەڕای زانینی تەعامولی کاربەدەست و پۆلیسەکان لەگەڵ گیراوەکاندا تاچەند باری دەرونی گیراوەکان قورستر دەکات" ئەمانە بەشێکن لەقسەکانی ئاریان ئەحمەد کەیەکێکە لەو کەسانەی سێجار بەبۆنەی خۆپیشاندان و کاری نارەزایەتییەوە توشی گیران و راپێچکردنە نێو زیندانەکان بووە، لەبەردەوامیدا دەڵێت: "لەڕووی تەندروستییەوە تائەوکاتەی ئێمە لەگرتوخانەکان بووین زۆر ئالۆزو ناخۆشبوو، تەنها گرتوخانەی کانی گۆمە نەبێت کەلەهەموو روویەکەوە خزمەتی باشیان پێشکەش بەگیراوەکان دەکرد، ئێمە زۆرزۆر سوپاسیان دەکەین بەڕاستی کەسانی دڵسۆزو بەڕێز لەوێ هەبوون، راستە تاوانبار لەرووی یاساییەوە دەبێت باجی تاوانەکەی بدات بەڵام من دەڵێم مەرج نییە ئەوەی لەگرتوخانەبێت تاوانباربێ ئەڵبەتە بەو مانایەی کەزۆرجار قانون سەرپشك نابێت لەبریاردان تاوەکو حیزب و دەستورێکی عەشائیریانەو دواکەوتوانە وەستابێ، کۆمەڵەی بەمەدەنیکردنی گەرمیان کۆمەڵەیەکی ریفۆمخوازەو هیچکات کاری بۆتێکدانی وەزعی ئەمنی شار نەکردووەو تەنها خەمی بۆئەو پێداویستییە سەرەتاییانە خواردووە کەبونیان نییە لەلای خەڵك، بۆکاتی ئێستا من بڕوام بەوەنییە خۆپیشاندان بکرێت چونکە ئەو خۆپیشاندانەی لە2005/9/7 کرا، ئێمەی گەیاندە قەناعەتێك کەچیتر بیر لەئاوها جموجوڵێك نەکەینەوە چونکە خەڵکی ئەم شارە لەچی بیئەیەك دەژین و تەئسیراتی ئەو وەزعە چۆنە لەسەر تەعامول و کاردانەوەکانیان، جگە لەنزمی ئاستی رۆشنبیری لەم ناوچەیە ئەمانە هەمووی کۆسپن بەرامبەر کۆنترۆڵکردنی خەڵکی لەکاتی نارەزایەتی، بادەسەڵات و کاربەدەستان دابەزنە ناو مەینەتییەکانی خەڵك و کار بۆجێبەجێکردنی داواکاری و خواستەکانیان بکەن، ئەمە رێگەچارەیە بۆدەسەڵات تابتوانێت خەڵکی پاشماوەی بەدبەختییەکانی مێژووی لێزویر نەبێت، دەسەڵات تاکو ئێستا خەڵك و کۆمەڵەو گروپە سەربەخۆکان بەتاوانبارو ئاژاوەگێڕ ناودەبات، نەیتوانیوە یان حەز ناکات

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەمەبەست و ئامانجیان بگات، ئەمەش دیسان کاریگەری خراپی بەدواوە دەبێت ئاکامەکانی لەئۆباڵی دەسەڵاتدایە، هەر لەمشارەدا ڕێکخراوی گوناهی واهەیە کەکاری تەنها سیخوڕییە لەسەر گروپە سەربەخۆ مەدەنییەکان و خەڵك، بەرامبەر بەپێدانی ئیمتیازێکی گچکە، سوکایەتیکردن بەخەڵکی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەداخەوە نەبوو بەمەوزوع و قسە لەسەرکردن بەڵکو پشت گوێ خراو لەبیر چویەوە"... ئازاد ئەحمەد یەکێکە لەو گەنجانەی لەگەڵ هاوڕێکانیدا گیراوەو لەلێدوانێکدا دەڵێت: "ئێمە بەبۆنەی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی کۆمەڵەی بەمەدەنیکردنەوە گیراین، داوامان لەدوکاندارەکان کردبوو دوکانەکان دابخەن و بڕۆنەوە ماڵی خۆیان بەخۆشحاڵییەوە ئەو شتە رویدا، کەهاتن بمگرن فیشەکێکیان کرد بەسەرمدا ئەوەش بۆخۆی شکاندنی یاسابوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت گەنجانی گەرمیان و کەلار بەتایبەتی کاریگەری باشیان هەبووە لەگەیاندنی ناڕەزایەتی خەڵك بۆسەرەوە، هاوڕێیان هەموویان پێش من زیندانیکران من دوایین کەسبوم من لەئینفرادیدابووم کاتێك تەحقیقیان لەگەڵدا کردم لەپشتەوە دەستیان بەستم و چاویان بەستم، من کوڕی شەهیدێك بووم پێیان ووتم سەگباب، دیارە هیچ بەهاو ڕێزێکی شەهید نییە لەلایاندا، من تەعزیبیش درام لەوکاتەدا بان شانم تەقیبوو و شوێنی پێوەبوو، دواتر براین بۆژێرخانەکەی دەربەندیخان کەشوێنێکی ناخۆشبوو ئێمە 15 کەس لەژورێکدابووین جێگەمان نەدەبوویەوە بۆخەوتن هەمومان قاچمان بەقەد یەکەوەبوو بەڵکو جێگەمان ببێتەوە تەنانەت یەکێکیشمان قاچی بەدەرگاکەوە نابوو، کۆمەڵێك خەڵکی تیرۆرستی تیابوو یانی ئێمەش بەوچاوەوە سەیر کرابوین، ئاسایشەکان لەکەلار زۆر خراپبون وەکو ئەوەی لەگەڵ مندا کردبێتیان، لەدەربەندیخانیش تەنانەت یەکترمان نەدەبینی ئەوان نەدەهاتنە نێو زیندانەکەوە، لەزیندانەکەی دەربەندیخان دەتوانم بڵێم تەعزیبی نەفسی بوو نەك جەستەیی، بەوەی کەدەیانووت هەرشتێك رووبدات لەسەر ئێوەیە لەکەلار ئێستا شەڕە تەقەیە، زیندان فێری کردم خۆڕاگربم و فێری هاوڕێیەتی کردم فێری ئەوەی کردم ئەگەر جارێکیتر شتێك ببێت زۆر ئاسایی بێت بەلامەوە، لەو زیندانەدا منداڵێکی تەمەن هەشت ساڵم بینی بەهۆی گومانێك لەباوکی گیرابوو "

ئاسود ئیبراهیم: "ئێمە نەمانتوانی بێدەنگ بین لەئاست ئەو ناحەقیانەدا ئەوەبوو پێشوەخت بەیاننامەیەکمان دەرکرد کەئیتر لەئاست مافە سەرەتاییەکانمان بێدەنگ نابین دوو ڕۆژ پێش مانگرتنەکە گیراین، گرتنەکەی ئێمە پەیوەندی بەئاسایشی کەلارەوە نەبوو، بەڵکو پەیوەندی بەئاسایشی کەرکوکەوە هەبوو کەبنکەکەی لەدەربەندیخانە، بیست و چوار سەعات لەئاسایشی کەلاربوین نانمان پێنەدرا، تەعامولیان بەشێوەیەك نەبوو بڵێین هەستێکی ئینسانیانەیان هەبێت، دیارە کەسی بەهەڵوێست هەبوو بەڵام ئەوەش نابێتە پێوەر کەوا خەڵك بەگشتی هەڵوێستیان هەبووە کەلار نزیکەی 150 هەزار کەسی تێدایە ئەگەر 10-15 کەس بێتەجواب ڕێژەیەکی زۆرکەمە، ئەو کەسانەش دۆست و نزیکانی خۆمان بوون، لەئاسایشی کەلار ئەکرێت بڵێم بارودۆخ زۆرزۆر ناخۆشبوو لەدەربەندیخان بەهەمانشێوە، بەڵام لەکانی گۆمە لەسلێمانی تەعامولیان زۆر جوانبوو لەگەڵماندا، زیندان خۆی لەخۆیدا قوتابخانەیە دیارە قوتابخانەیە بۆئەو کەسانەی کەوا نادان بن، فێری ئەوەی کردین چۆن لەمەودوا ناڕەزاتربین بەدەنگتربین بێدەنگ نەبین لەئاست هەندێك شتدا، داوا لەهەموو گەنجان دەکەم هەموو شتێك بەچاوی خۆیان ببینن، پێموابێت حکومەت ماسییە تەڕنابێت مەبەستم ئەوەیە ئەمە یەکەمجار نییەو دوەمجار نییەو نارەزایتریش هەردەبێت لەو قەناعەتەشدانیم هیچ بکرێت "

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم گەنجانە ئێستا بەکەفالەت دەسوڕێنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.